کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 14:57 7-6-2007

## سەرەقەڵەمێک لەبارەی خوێندنی زانکۆیی ... بەهزاد حەوێزی



هەندەی بە حەسرەت زانست وزانیارییەوە بووم هەندە بە بەتەنگ بڕوانامەودەرچوون نەبووم، کەچی دیارە نائومێدی پتر لە وەدیهاتنی خۆزگە دەست باڵاترە، بۆیە دوای دەرچوونم لە کۆلیجی زانستەرامیارییەکان بە پێی پێویست وتێر ئاوم لەو کانیاوە نەخواردەوەو (بایەکە پڕ بە دڵی کەشتیەوان نەبوو) .

گەر بێیت وجارێکی دیکە لە نووکەوە تێهەڵچیتەوە لەبارەی سیستەمی خوێندنی زانکۆیی ومیکانیزم وپێڕەووکەموکوڕیەکانی ئەوە نەك هەر کارێکی زۆروکاتێکی زۆری دەوێ، بەڵکە وەرزی ونیوسالانەوسالانە کۆڕوکۆبوونەوەوکۆنفرانس وکۆنگرەی جیددی گەرەکە، بەڵام هەرچۆنێك بێت لەو دەرفەتەکەم وکورتەدا چەند خاڵێك لەوڕووەوە دەخەمەڕوو:

1. خوێندنی زانکۆیی دەرفەتێکی دەگمەنە لە رووی سوودمەندی زانستی وئەکادیمی ومەعریفی، لەبەرئەوە بەپێی ئەو پرەنسیپە دەبێت کاری بەردەوامی بۆ بکرێ لە لایەن دەزگا و کاربەدەستە بەرپرسە پەیوەندیدارەکان.
2. ئاستی زانستی وزانیاری فیکری لە لایەن قوتابیانەوە گەلەك نزم دێتەبەرچاوو بەپێی پێویستی ئەو سیستەمە ئەکادیمییە (هەرچەندە ناتەواویشە) نییەوپێشتر ئەو زەوینەیان وەك زەروورەتە نەبووەوبۆنەرەخساوە جا بەهەر هۆوبیانووفاکتەرێك بێت، تالە قۆناغی زانکۆیی بتوانن زێتر پەرەی پێبدەن وبیروهۆشیان رۆشنتر بکەنەوە.
3. ئاستی زانستی وئەکادیمی مامۆستایان بە پێی پێویست نییە تائەو رادەیەی زانست ومەعریفەیەکی نوێ وهاوچەرخی مۆدرن بدەنەوە، هۆیەکەیشی هەم سیستەمی خوێندن وپرۆگرامەکەیە هەمیش ئاستی فیکری ورۆشنبیری وانەبێژومامۆستایەکانە، سیستەمی خوێندنی زانکۆیی نقومی رۆتین وبیرۆکراسیی وجوینەوەیە، پرۆژەی بنەڕەتی وپتەووئەکتیڤ بوونی نییە بە شێوەیەك رۆڵی زانکۆ بەرچاووکاریگەر بێت بەسەر ژیانی تاکەکەس وکۆمەڵگەدا.
4. لاوازی ونەداریی زانستی ومەعریفی لە بابەت وزانیاری وکتێب، ئەمەش کار لەسەرچاوەومەراجیع دەکات، بەمەش تۆژینەوەولێکۆڵینەوەزانستییەکان کرچوکاڵ وتەقلیدی دەردەچن.
5. نەبوونی ئامادەیی تەواوی زانستی وفیکری ومەعریفی لە لایەن قوتابیانەوە بۆ سوودوەرگرتن، ئەوان رەنگە تەواو نەزان بن بەو سیستەمە لەرووی ئامانج ومیکانیزمی فێربوون وبایەخی ئەو قۆناغە، هەندێ هۆ هەن لە تواناوتاقەتی ئەوان بەدەرە هەندێکی دیکە بەپێچەوانەوە، زمان فاکتەرێکی گرنگە، کەچی لای هەرەزۆریان فەرامۆش وپشتگوێ خراوە، باشە گەر زمانی سەرچاوەوکتێبەهەرە نوێیەزانستییەکان نەزانی چۆن چۆنی پەرە بە زانست وزانیارییەکان دەدەی؟!.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

6. هەق وایە مامۆستا ووانەبێژ 2-3 کتێبی پڕبایەخیان لە بواری پسپۆری خۆیان هەبێت، لەبواری تۆژینەوەولێکۆڵینەوە خۆ دەوڵەمەند بکەن، لەبارەی دوا بەرهەمی فیکری بیرمەندونووسەرانی ناوداروبزاڤی بیری ومەعریفی جیهانی ئاگەداروزانیاریان هەبێت و سوودی لێوەربگرن.
7. ئەوەی کە لە خوێندنی زانکۆیی بەدیناکرێ یا زۆر بەکەمی هەیە پرسی دیالۆگ وگفتوگۆی مەبەستدارو سوودبەخشانەیە، ئەمەش وێرای ئەوەی وەك گرفتێکە ئەوە لە خۆیدا گەلەك ئاستەنگی دێتە رێ هەر لە نەبوونی کات تا دەگاتە نزمی هۆشیاری لەرووی ئاخاوتن ورۆشنبیریی وهونەری گوێگرتن لە خۆولەویدیکە.
8. نەبوونی هاوئاهەنگی زانستی وئەکادیمی وەك پێویستە، چ لەسەر ئاستی یەك کۆلیج یا زانکۆ یا لەسەر ئاستی دەرەکی، بێ ئاگایی لەیەکدی وجیهانی دەوروبەر واتە هەڵنەکشانی ئاستی رۆشنبیری وزانستی لەهەموو روویەکەوە.
9. گەلەك گرفت وکێشەی دیکەی سەرەکی و لابەلا لەوانەش دەستتێوەردانی ئەم وئەو چ وەك دەزگای حزبی یا حکومی یا ... یا ... تد.

لە وڵاتانی پێشکەوتوو زانکۆ سەکۆی بەرهەمهێنانی رۆشنفیکر ی زانستی ومەعریفییە، ئەوان لەو رووەوە ئەزموونێکی درێژخایەن ومێژوودییان هەیە و بە ماندووبوون وشەونخوونی و بەردەوام بوون بەو رۆژە گەیشتوون، کاتێکیش گلەیی وگازاندەیەکی خەمخۆرانە لەملاوئەولا دەبینرێ وهەیەوئاراستەی هەمووولایەك دەکرێ، بەمەبەستی رێکخستنەوەوپەرەپێدانی لایەنەپۆزەتیڤەکان وسڕینەوەی لایەنەنێگەتیڤ وخراپەکانە، بۆئەوەیە چیدیکە سەکۆی مەعریفی زانکۆ پەراوێزنەکرێ وهۆش وگۆشی قوتابیانیش زێتر فەرامۆشتر نەکرێ و پرۆسەکە بە شێوەیەك سیستیمازەبکرێت، سوود بەهەمووولایەك بگەیەنێت.

b_hawezy@yahoo. com 2007/6/4

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.